## خزمەتگوزاری چارەسەرکردنی گرفتی منداڵان لە بواری زمان و قسەکردن دا

ئامۆژگاری بۆ دایک‌وباوکان و چاودێران

# دانووستانی دایک‌وباوک و منداڵ زیادکردنی ئەزموونەکان و وشەکانی نوێ

| ستراتیژییەکانی سەرووتر | ئەمە چۆن یارمەتی دەکات |
| --- | --- |
| **دەنگ و وشەکانی منداڵەکە کۆپی بکەن.** | بەکارهێنانی هەمان دەنگ و وشەکان کە منداڵەکەتان بەکاری دەهێنێت یاری دەدات کە هان بدرێت لە هەوڵدان بەردەوام بێت.<br><br>هەوڵبدەن دەنگی ئاژەڵ یان ئۆتۆمبێل دروست بکەن کە بزانن لاساتان دەکاتەوە یان نا! |
| **زمانی منداڵەکەتان بەرفرە بکەنەوە وشەی تری بۆ زیاد بکەن** | بە زیادکردنی کەمێکی زیاتر لە ووشەکانی منداڵەکەتان، ئێوە یارمەتی دەدەن بۆ فێربوونی وشەی نوێ کە لەوانەیە دواتر لاسایی بکاتەوە.<br><br>وشەی تر بۆ قسەپێکردنی منداڵەکەتان زیاد بکەن.<br><br>ئەمەش یارمەتی دەدات لە تێگەیشتن و هانی دەدات بۆ بەکارهێنانی وشەی زیاتر. بۆ نموونە ئەگەر منداڵەکەتان بڵێت "ئۆتۆمبێل"، دەتوانیت بڵێیت "بەڵێ ئۆتۆمبێلێکی گەورە". |
| **بزانن منداڵەکەتان هەوڵ دەدات چی بڵێت.** | ڕێگەدان بە منداڵەکەتان کە گوێی لە شێوازی دروستی وتنی وشەکان بێت کە بە شێوەیەکی ئەرێنی هەوڵی بۆ دەدات بیانڵێ، هانی دەدات کە تەمرین بکات بۆ وتنی وشەکان.<br><br>سەیری هەموو ئەو ڕێگایانە بکەن کە منداڵەکەتان پەیوەندی لەگەڵ جەستەیدا دەکات دەنگی، حاڵەتی دەموچاوی، جووڵە و هەڵسوکەوتەکانی لەکاتی قسەکردن.<br><br>هەوڵ دەدات پەیوەندی بە چی بکات؟<br><br>ئەو وشانە بڵێن کە منداڵەکەتان بۆ پەیوەندیکردنی هەوڵی بۆ دەدات ئەمە مۆدێلێکی زمانی بۆ دابین دەکات.<br><br>بۆ نموونە ئەگەر منداڵەکەتان دەستی بۆ کاپەکەی برد و بە دەنگێکی دەرکرد، دەتوانن وشەکان بڵێن: "شەربەتت دەوێت؟ باشە." پاشان، کاپەکە بدەنە منداڵەکەتان.<br><br>وا لە منداڵەکەتان مەکەن کە لاسای قسەکانتان بکاتەوە. |